CCI'M HUMAN

# سیاسەتی مافەکانی مرۆڤ

کۆمپانیای کۆکاکۆلا ئیچەجەک (CCI) زیاتر لە ١٠،٠٠٠ کارمەندنی هەیە و کاردەکات لە ئازەربایجان،عێراق، ئوردن، کەزاخستان، کرکیزستان، پاکستان، سوریا، تاجیکستان، بەنگلادێش ، تورکیا و تورکمانستان.

## ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ

ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بەهایەکی بنەڕەتی کۆمپانیای کۆکاکۆلایە. ئێمە هەوڵدەدەین، ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرین و پشتگیری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەین لە پەیوەندیمان لەگەڵ کارمەندان و دابینکەران و هاوکارانی بزنس و لەو کۆمەڵگانەی چالاکیەکانمان ئەنجام دەدەین. ئەم سیاسەتە ڕێبەریدەکرێت لە لایەن بنەما نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ کە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و پڕۆژەی مافەکان و جاڕنامەی ڕێکخراوی کاری جیهانی ساڵی ١٩٩٨ دەربارەی بنەڕەتە سەرەکیەکان و مافی کار بە ڕێکخراوی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لکێندراوە و ڕێبەری بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرباری بزنس و مافەکانی مرۆڤیش، لە خۆ دەگرن.

ئەم سیاسەتە تەتبیقدەکرێت لەسەر کۆمپانیای کۆکاکۆلا بۆ پڕکردنەوە، ئەو یەکانەی موڵکی ئێمەن و ئەو یەکانەی زیاترین بەرژەوەندی ئێمەی تیادایە و ئەو دامەزراوانەی بەڕێوەی دەبەین؛ کۆمپانیای کۆکاکۆلا پێشبینی دەکات و هانی دابینکەران و هاوکارانی بزنس دەدات پابەندی بنەماکان بن و زۆریانلێدەکات سیاسەتی هاوشێوە لە چوارچێوەی بزنسی خۆیاندا پەیڕەو بکەن.

ئێمە هۆشیار خۆمان بەکاردەهێنین وەك کەرەستەیەك بۆ دیاریکردن و ڕێگەگرتن لە ڕیسکەکانی مافی مرۆڤ لە بزنس و پێوەری ئەخلاقیماندا. کاتێك ئێمە کاریگەریە پێچەوانەکانی دیاریدەکەین کە لە ئەنجامی چالاکیەکانی ئێمە یانیش لە بەهۆی ئێمەوە دێنە بوون ئەوا ئێمە پابەنددەبین بە مەرجەکان و دەبێت هاوکاری دانانی ڕێکاری یەکسان بین. ئێمە دەبێت ڕێڕەوێك بۆ ڕێکاریەکان دابین بکەین لەو شوێنەی ئێمە بە کاریگەریە پێچەوانەکانەوە گرێدراوین یانیش تێوەگلاوین بەهۆی پەیوەندیەکانمانەوە بە لایەنی سێیەم.

مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمپانیای CCI وە چاودێری کراوە.

## پابەندبوونەکانی پشکداران و کۆمەڵگە

ئێمەن دان بەوەدا دەنێین کە بەشێکی ئەو کۆمەڵگانەیین کە کاری تیادا دەکەین. ئێمە پابەنددەبین بە کۆمەڵگە و خەڵك، کە گرووپە لاواز و بەهێزەکانیش لە خۆ دەگرێت، ئێمە خوازیارین دەربارەی پرسەکانی مافی مرۆڤ کە بۆیان گرنگە دیالۆگیان لەگەڵ بکەین لەو شوێنەی گۆێدەگرن و بیروبۆچوونەکانیشیان بەهەند وەردەگیرێت. ئێمە لەو باوەڕەداین ئاریشە لۆکاڵیەکان دەبێت بە شێوازێکی زۆر شیاو لە ئاستی لۆکاڵیدا ئاراستەبکرێن. ئێمە بە شێوازێکی شیاو کاردەکەین و لە ئاستێکی باڵای کۆمەڵایەتی بەهاوکاری پشکدارەکان هانی مافەکانی مرۆڤ دەدین چوونکە ئاریشەکان پەیوەندیان بە بزنسی ئێمەوە هەیە.

## فرەکەلتووری و پەراوێزخستن

ئێمەی فرەکەلتووری و پەراوێزخستن دەنرخێنین و پەرەی پێدەدەین لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کاریان لەگەڵدا دەکەین. ئێمە پابەنددەبین بە فەراهەمکردنی بواری یەکسان وەك بنەڕەتێك بۆ تەجنیدکردن، دامەزراندن، دانان، پەرپێدان، ڕاهێنان، قەرەبووکردنەوە و پێشخستن لە کۆمپانیای کۆکاکۆلا پڕۆفێشناڵبوون و ئەدای کار و بەهرە و ئەزموونەکانن. فرەکەلتووری لە شوێنی کاردا شتێکی جەوهەریە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان، ئاوا ئێمە هەوڵدەدین سەرنج بۆ بەهرەکان ڕاکیشین، پەرە بە پاشخانی فرەکەلتووری و سیمای لێبووردەیی، بدەین.

## جیاکاری ڕەگەزپەرستی

ئێمە کاردەکەین بۆ پاراستنی شوێنی کار کە دەبێت خاڵی بێت لە جیاکاری، شەڕانگێزی، بێحورمەتی بەهۆی ڕەگەز، سێکس، ڕەنگی پێست، نەتەوە یاخوود پاشخانی کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی، تەمەن، پەككەوتن، حەزی سێکسی، یانیش ڕەگەزی دیاریکراو و گوزارشت لێ کردنی، بیروبۆچوونی سیاسی یانیش هەر حاڵەتێك کە یاسای پاراستوویەتی.

ئێمە هەرگیز ڕێگانادەین بە جیاکاری، شەڕانگێزی، بێ ڕێزی، ئاکاری نەشیاو، هەڵسوکەوتی نادادپەروەر یانیش تۆڵەکردنەوە بە هەر شێوازێك بێت. شەڕانگێزی بەهیچ شێوازێك ڕێگای پێ نادرێت لە شوێنی کاردا و یان لەهەر شوێنێك پەیوەندی بە حاڵەتی کارەوە هەبێت لە دەرەوەی شوێنی کاردا.

## ئازادی ئەندام بوون لە ڕێکخراوێك و دانوساندنی بەکۆمەڵ

ئێمە ڕێز لە کارمەندانمان دەگرین کە مافی ئەندامێتیان لە هەر یەکێك لە یەکیەتیەکانی کرێکاران بێ لەوەی ترسیان هەبێت لە تۆڵەکردنەوە و سووکایەتی پێکردن. کاتێك کارمەندان نوێنەرایەتی دەکرێن لە لایەن یەکیتیەکی دانپیانراوی یاسایی، ئەوا ئێمە پابەند دەبین بە دامەزراندنی دیالۆگی بوونیادنەر لەگەڵ نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان. کۆمپانیای کۆکاکۆلا پابەنددەبێت بە باوەڕێکی باش لەگەڵ نوێنەرەکانیان.

## شوێنی کاری سەلامەت و تەندرووست

سەلامەتی و تەندرووستی کارمەندەکانمان بۆ ئێمە یەکجار گرنگە. سیاسەتی ئێمە ئەوەیە، کە شوێنی کاری سەلامەت و تەندرووست بۆ کارمەندەکانمان دابین بکەین بەهۆی ڕێساکانی سەلامەتی و تەندرووستی و هەروەها مەرجە ناوخۆییەکان. ئێمە شوێنی کاری سەلامەت و تەندرووست دابین دەکەین و پێشی دەخەین بە ڕاوێژکاری کارمەندەکانمان ئەمەش لە ڕێگای دیاریکردن و چارەسەرکردنی خەتەرناکی ڕووداوەکان، بریندار بوون وکاریگەری لەسەر تەندرووستیان.

## ئاسایشی شوێنی کار

ئێمە پابەنددەبین بە دابینکردن و پارستنی شوێنی کار کە خاڵی بێت لە توندوتیژی، شەڕانگیزی، سووکایەتی پێ کردن و هەر ڕەوشێکی ناسەلامەت، وێرانکەر و بێزارکەر کە پەیوەندی بە تەهدیە ناوەکی و دەرەکیەکانەوە هەیە. بەگوێرەی پێویستی سکورتی و پاراستن بۆ کارمەندان دابینکراوە و پێویستە ڕێز لە تایبەتمەندیەکانی کارمەند بگیرێت، ناوبانگ و کەرامەتی پارێزراو بێت.

## بێگاری و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

ئێمە هەموو جۆرێکی بێگاری قەدەغە دەکەین، کە بێگاری زیندانیان، کاری کۆیلەتی، کاری سەربازی، هەر شێوازێکی کاری کۆیلەتی و بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە بێت، قەدەغەیە.

## کاری منداڵان

ئەو کەسانەی تەمانیان لە ژێر ١٨ ساڵی دایە نابێت دابمەزرێن لەو شوێنانەی کە مەرجی کاری خەتەرناکیان هەیە، کاریانپێبکرێت.

## کاژێرەکانی کار، کرێ و سوودمەندبوون

ئێمە سیاسەتی مووچەمان داناوە کە بەشێوازێکی ڕێژەیی و بەگوێرەی ململانێی بازاڕ لەم سێکتەرەدا و بەگوێری ڕێککەوتنی بەکۆمەڵی تەتبیقکراو. ئێمە هەموو چالاکیەکانمان ئەنجام دەدەین بەگوێرەی تەواوی یاسا تەتبیقکراوەکان کە کرێیی کار و کاژێرەکانی کار و کاری زیادە و سوودمەندبوونن. ئێمە بوار بۆ کارمەندانمان دەڕەخسێنین لەو بوارنەدا کە بەهرە و توانایی خۆیان تیادا پەرپێدەدەن و هەروەها ئێمە بوار فەراهەمدەکەین بۆ پەرەپێدان.

CCI'M HUMAN

## مافی بەکارهێنانی زەوی  و سەرچاوەکانی ئاو

ئێمە داندەنێین بە گرنگی کاریگەریەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ کە بەکارهێنانی زەوی و ئاو بەگوێرەی بەهاکانی ئێمە دەبێت، کە ئاڕاستەکراوە لە ڕێگای سیاسەتە دیاریکراوەکانی ئێمەوە دیاریکراون و کاریان پێ دەکرێت. ئێمە ڕێزی پێداویستی مرۆڤ دەگرین لە دابینکردنی هەمیشەیی ئاو و ئاوی خواردنەوەی سەلامەت و پاراستنی سیستەمی ژینگەیی و کۆمەڵگەکان لە ڕێگای چاککردنەوەی شیاو بەگوێرەی سیاسەتی ژینگەیی.

## ڕێبەر و ڕاپۆرتی کارمەندان

ئێمە هەوڵدەدەین شوێنێکی کار بخولقێنین کە کراوە بێت و پەیوەندیەکی ڕاشکاوانە لە نێوان هەموو کارمەندانداا هەبێت نرخی بۆ دابنرێت و ڕێز لەیەکتر بگرن. کۆمپانیا کۆکاکۆلا پابەنددەبێت بەگوێرەی یاساکانی کار لە هەر وڵاتێکدا بێت. کۆمپانیای کۆکاکۆلا کارمەندانی دڵنیادەکاتەوە هۆشیار بن دەربارەی سیاسەتی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێگای ڕاهێنان و پڕۆسەی بەڵگەنامەی ساڵانە.

هەر کارمەندێك لەو باوەڕە دابێت کە دژیەکیەك بوونی هەیە لە نێوان سیاسەتی زمان و یاسا، نەریت و پراکتیکرندی لەو شوێنەی کە (ئەو) کاری تیادا دەکات، یان کەسێك پرسیاری هەبێت و بخوازێت ڕاپۆرت دەربارەی پێشێلکاریەکانی ئەم سیاسەتە ئامادەبکات، ئەوا پێویستە ئەو پرسیار و نیگەرانیانە بەرزبکاتەوە بۆ بەڕێوەبەری خۆجێیی، سەرچاوە مرۆییەکان، ئۆفیسەری خۆجێیی ئەخلاق یان گرووپی ئۆفیسەرەکانی ئەخلاق. کارمەند ڕاپۆرت ئامادە دەکەن دەربارەی سیاسەتی پێشێلکراوە لە ڕێگای هێڵی پارێزراوی تۆڕی ئینتەرنێت http:/www.cciethics.com یان ژمارەی تەلەفۆن ٠٠٩٠٢٢١٣٧٠٠٧٣٢ یان لە ڕێگای ئیمەیل: cci@cciethics.com. هیچ کارمەندێك توندوتیژی بەرامبەر ناکرێت و تۆڵەی لێ ناکرێتەوە بەهۆی نیگەرانیەکانی دەربارەی ئەم سیاسەتە. کۆمپانیا کۆکاکۆلا لێکۆڵینەوە دەکات و کاردانەوەکان دیاریدەکات دەربارەی نیگەرانیەکانی کارمەند و کاری شیاو دەکات و هەڵەکان چاکدەکاتەوە وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر پێشێلکاریەکان.

سیاسەتی مافەکانی مرۆڤ هاوتایە لەگەڵ کۆدەکانی ئەخلاقی کۆمپانیای کۆکاکۆلا. ئەم سیاسەتە وەرگێڕان و زانیاریە پەیوەندیدارەکانیش دەگرێتەوە، کە دەتوانرێت لەسەر ماڵپەڕی کۆمپانیای کۆکاکۆلا بدۆزرێتەوە http://www.cci.com.tr.

## ڕاپۆرتی گشتی

ئێمە ڕاپۆرت بڵاودەکەینەوە دەربارەی پابەندبوونە پەیوەندیدارەکانمان بە مافی مرۆڤ، هەوڵەکانمان وڕاگەیاندنەکانمان پێویستە بەگوێرەی سیاسەتی مافەکانی مرۆڤ بێت، ئەمەش وەك بەشێك لە ڕاپۆرتی ساڵانە و ئاماژەش دەکرێت بە ڕێبەری بنەماکانی مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکاندا.

کۆمپانیای کۆکاکۆلا مافی خۆیەتی گۆڕانکاری لەم سیاسەتانە بکات هەر کاتێك بیەوێت. هیچ شتێك لەم سیاسەتەدا مانای وتن و تەتبیقرکرندی گرێبەستێك نیە لە نێوان کۆمپانیا کۆکاکۆلا و کارمەندەکانی یان بەژداران لەم پرۆگرامەدا، کە گەرەنتی بە بەردەوامی گرێبەستی کار بدات لەگەڵ کۆمپانیای کۆکاکۆلا.